# سەرژمێری گشتی دانیشتوان

## توێژینەوەی زانستی بۆ پێشبینی ژمارەی دانیشتوانی عێراق و شیکاری سەرژمێرییەکانی ساڵانی 1884 بۆ 1997



دەمەزراوەی میدیایی درەو

2024

دامەزراوەی میدیایی درەو

تویژینەوەی درەو

# سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق

# 1997 - 1884

©2024

**سەرژمێری گشتی دانیشتوان**

**توێژینەوەی زانستی بۆ پێشبینی ژمارەی دانیشتوانی عێراق و شیکاری سەرژمێرییەکانی سالآنی 1884 بۆ 1997**

General Population Census

Scientific research to predict the population of Iraq and analysis of census data from 1884 to 1997

التعداد العام للسكان

البحث العلمي للتنبؤ بعدد سكان العراق وتحليل بيانات التعداد السكاني من عام 1884 إلى عام 1997.


پ.ی.د.هەندرێن عبدللە طاهر

مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

hindreen.taher@univsul.edu.iq

م.ی. ئاریان عمر محمدرسول

مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

aryan.omar@univsul.edu.iq

**پوختە:**

لەم تووێژینەوەیەدا سەرنجمان خستۆتە سەرمێژووی قۆناغەکانی سەرژمێریکردنی دانیشتووانی عێراق، بە پێی ئەو داتا فەرمیيانەی کە لە دەزگای ئاماری عێراقیدا بڵاو کراوەتەوە سەرژمێریکردن 10 ساڵ جارێك ئەنجامدراوە، بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان، ساڵی 1884 ژمارەی دانیشتووانی عێراق 1,400,000٠ کەس بووە، بەڵام یەکەم سەرژمێری فەرمی لە عێراقدا ساڵی 1920 ئەنجامدراوە، دەنیشتووانی عێراق ژمارەی دانیشتووانی عێراق بەگوێرەی ئەم سەرژمێرییە(2،849،282) کەس بووە. هەروەها کۆتا سەرژمێری فەرمی لە ساڵی 1997 کە بەدەر لەسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ( هەولێر،سلێمانی و دهۆک) ئەنجامدراوە، دانیشتووانی عێراق ( 22،046،244) کەس بووە.

ئامانجمان لەم تووێژینەوەیە خستنەڕوویەکی زانستیانەی سەرژمێرییەکانی ڕابردووە کە لەعێراقدا ئەنجامدراون هەروەها پێشبینیکردنی ژمارەی دانیشتووانی عێراقە بۆ سەرژمێری 2024 و ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2027 و دەرخستنی گاریگەری هەریەکە لە کەلتور و کات لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانشتووان، لەسەر بنەمای ئاماری ساڵانی 1884 بۆ 1997 بە بەکارهێنانی مۆدێلی 'چەماوەیی' ڕوو لە زیادی ڕێژەیی دوای ئەنجامدانی تێستی پێویست بۆ مۆدێلی ناوبراو بۆمان دەرکەوت کە ژمارەی پێشبینیکراوی عێراق بۆ ساڵی 2027 بریتیە لە 48،960،820 هەروەها 'کاریگەری کلتور' کە دەرخەری زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانە بەپێی کلتور ئەنجامەکەی بریتی بووە لە ( 138،239) کەس لەهەر ملیۆن کەسێکدا، وە نرخی لاری (سلۆپ) کە دەرخەری زیادببونی ژمارەی دانیشتووانە لەژێر کاریگەری کات، ئەنجامەکەی بریتی بووە لە (16،342) کەس بۆ هەر ملیۆن کەسێک.

کی وۆرد:عێراق، سەرژمێری، پێشبینی

## Abstract

According to the official data published by the Iraqi Statistical Agency, the census was conducted every **10** years. According to available sources during the Ottoman rule, in 1884 the population of Iraq was **1,400,000** people, but first official census of Iraq was conducted in **1920**. Population of Iraq according to this census was (**2,849,282**) people. The last official census in **1997**, excluding the three governorates of the Kurdistan Region (Erbil, Sulaymaniyah and Duhok), the population of Iraq was **22,046,244** people.

Our aim in this study is to is to present a scientific presentation of past censuses conducted in Iraq with predict the population of Iraq for the 2024 census and the population in 2027 and show the effect of culture and time on population growth, based on statistics from **1884** to **1997** using the 'Exponential Trend' model to forecast the Iraq's population forecasted population for **2027** approximately will be **48,960,820** as well as 'impact Culture', which represents population growth by culture, resulted in **138,239** people per million people, and slope, which represents population growth over time, resulted in **16,342** people per million people.

**Keywords**: Iraq, Census, Forecasting

**الملخص**

وفقا للبيانات الرسـمية التي نشـرتها هيئة الإحصــاء العراقية فإن التعداد السـكاني كان قائما كل 10 سـنوات. ووفقا للمصادر المتوفرة خلال الحكم العثماني فإن عدد سكان العراق في عام 1884 كان 1,400,000 نسمة، ولكن أول تعداد رســمي للعراق أجري في عـام 1920. وبلغ عدد ســكان العراق حســب هذا التعداد (2,849,282) نســمة. وفي آخر تعداد رســمي أجري في عام 1997، وباســتثناء المحافظات الثلاث لإقليم كردستان (أربيل والسليمانية ودهوك)، بلغ عدد سكان العراق 22,046,244 نسمة.

هدفنا في هذه الدراســة هو تقديم عرض علمي للتعدادات الســابقة التي أجريت في العراق للتنبؤ بعدد ســكان العراق لتعداد عام 2024 وعدد السكان في عام 2027 وإظهار تأثير الثقافة والوقت على النمو السكاني، بناءً على إحصــائيات من عام 1884 إلى عام 1997 باســتخدام نموذج "الاتجاه الأســي" للتنبؤ بعدد سـكان العراق المتوقع لعام 2027 ســيكون حوالي **48,960,820** وكذلك "تأثير الثقافة" الذي يمثل النمو الســكاني حســب الثقافة، وأسفر عن 138،239 شخصًا لكل مليون نسمة، والمنحدر، الذي يمثل النمو السكاني بمرور الوقت، وأسفر عن 16،342 شخصًا لكل مليون نسمة.

الكلمات المفتاحية: العراق، التعداد السكاني، التنبؤ

## پێشەکی

سەرژمێری دانیشتووان ئامرازێکی گرنگی حوکمڕانییە، بەتایبەت بۆ ولاتانی گەشەسەندوو وە ئەوڵاتانەی لە پرۆسەی گەشەکردندان، سەرژمێری دانیشتووان وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و داڕشتنی سیاسەتی گشتی کاردەکات. لە عێراقدا سەرژمێری ڕۆڵێکی بەرچاو ی دەبێت لە خستنەرووی پەیکەرێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و فرەنەتەوە کە ڕەگەوریشەی شووناسی مێژوویی وڵاتەکەیە.

عێراق لەماوەی ڕابردوودا نۆ پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانی ئەنجامداوە (1920، 1927، 1934، 1947، 1957، 1967، 1977، 1987، 1997) کە دوایین سەرژمێری ساڵی 1997 بووە. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان درووستترین و ووردترین پرۆسەی سەرژمێری ساڵی 1957 بووە، پرۆسەکانی دیکە هەندێکیان نەگەشتوونەتە کۆتایی پرۆسەکە و وەستێنراون، هەندێکی دیکەیان تا ڕادەیەکی زۆر نەیتوانییەوە گوزارشت بکات لە ژمارەی تەواوی دانیشتوان و شێوە ڕاستەقینەکەی دابەشبوونی دیموگرافیای دانیشتوانی عێراق، ئەمەش لەلایەک بەهۆی لە قاڵبدانی بەشێک لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراق لەلایەن ڕژێمە سیاسی و گروپە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق، لەلایەکی دیکە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری گرفتی لۆجستی .

گرنگی سەرژمێری دانیشتووان بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەک عێراقی فرەنەتەوە و نەژادی جیاواز و بۆ وڵاتێک کە هەوڵی سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوە دەدات. نەک هەروەک بناغەیەک بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن و حوکمڕانی پێویستە بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی نایەکسانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و پلاندانان بۆ بۆ ئایندەی ئەم ولاتە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە گرنگی سەرژمێری دانیشتووان لە عێراق و خوێندنەوی ژمارەکانی سەرژمێرییەکانە کە لە ڕابردووی ئەم وڵاتە ئەنجامدراون، لەهەمانکاتدا توێژینەوەکە پێشبینییەکانی دەخاتەڕوو لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی (تولە بەکارهاتووەکانی تایبە بە ئامار) سەبارەت بە پرۆسەی سەرژمێری داهاتوو کە بڕیاروایە لە (20 ی نۆڤەمبەری 2024) ئەنجامبدرێت. ئەو ئالێنگارییانەی کە لە جێبەجێکردنیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، و کاریگەرییەکانی داتای دیمۆگرافیای ورد بۆ گەشەسەندنی ئابووری-کۆمەڵایەتی وڵاتەکە. بە لێکۆڵینەوە لەم لایەنانە دەتوانین تێڕوانینێک بەدەست بهێنین کە چۆن سەرژمێری دەتوانێت بەشداری بکات لە داهاتوویەکی دادپەروەرانەتر و خێراکردنی پرۆسەی گەشەکردنی عێراق لە لایەک ، لەلایەکی دیکە بەراوردیکی زانستیانە بکرێت لە نێوان ئامارەکانی ڕابردوو و وە ئامارە پێشبینیکراوەکان.

# introduction

The census is an important tool of governance, especially for developed and developing countries. The census serves as an important tool for understanding demographic changes and formulating public policy. In Iraq, the census will play a significant role in revealing the complex and multi-ethnic social fabric that underlies the country's historical identity.

Iraq has conducted nine population censuses over the past few decades (1920, 1927, 1934, 1947, 1957, 1967, 1977, 1987, 1997), the last being the 1997 census. According to most sources, the 1957 census was the most accurate process. Other processes have not reached the end of the process and have been stopped by Iraqi`s political regimes, religious groups and different ethnic groups in Iraq, on the one hand other due to political instability, economic and logistical problems.

The importance of the population census is especially important in a multi-ethnic country like Iraq and for a country that is trying to stabilize and rebuild. Not only is it necessary as a foundation for electoral and governance processes, but it also plays an important role in addressing ethnic and social inequalities and planning for the future of this country. This study aims to investigate the importance of the population census in Iraq and study the numbers of censuses conducted in the past of this country, while the study presents predictions through scientific research (statistical tools used) about the next census process scheduled for (November 20, 2024). to be carried out the challenges faced in its implementation, and the implications of accurate demographic data for the socio-economic development of the country. By studying these aspects, we can gain insight into how the census can contribute to a more equitable future and accelerate the development process of Iraq on the one hand, on the other hand, make a scientific comparison between past and the forecasted census.

## مقدمة

يعتبر التعداد السكاني أداة مهمة من أدوات الحكم، وخاصة بالنسبة للدول المتقدمة والنامية. ويشكل التعداد السكاني أداة مهمة لفهم التغيرات الديموغرافية وصياغة السياسات العامة. وفي العراق، سيلعب التعداد السكاني دوراً هاماً في الكشف عن النسيج الاجتماعي المعقد والمتعدد الأعراق الذي يشكل أساس الهوية التاريخية للبلاد.

أجرى العراق تسعة تعدادات سكانية على مدى العقود الماضية (1920، 1927، 1934، 1947، 1957، 1967، 1977، 1987، 1997)، وكان آخرها تعداد عام 1997. ووفقاً لمعظم المصادر، كان تعداد عام 1957 هو العملية الأكثر دقة. ولم تصل العمليات الأخرى إلى نهاية العملية وتوقفت بسبب الأنظمة السياسية العراقية والجماعات الدينية والجماعات العرقية المختلفة في العراق، من ناحية أخرى بسبب عدم الاستقرار السياسي والمشاكل الاقتصادية واللوجستية.

إن أهمية التعداد السكاني تكتسب أهمية خاصة في بلد متعدد القوميات مثل العراق والذي يحاول الاستقرار وإعادة البناء. فهو ليس ضروريا فقط كأساس للعمليات الانتخابية والحكومية، بل يلعب أيضا دورا هاما في معالجة التفاوتات العرقية والاجتماعية والتخطيط لمستقبل هذا البلد. تهدف هذه الدراسة إلى التحقيق في أهمية التعداد السكاني في العراق ودراسة أعداد التعدادات التي أجريت في الماضي لهذا البلد، في حين تقدم الدراسة تنبؤات من خلال البحث العلمي (باستخدام الأدوات الإحصائية) حول عملية التعداد القادمة المقرر إجراؤها (20 نوفمبر 2024) والتحديات التي تواجه تنفيذها، وآثار البيانات الديموغرافية الدقيقة على التنمية الاجتماعية والاقتصادية للبلد. ومن خلال دراسة هذه الجوانب، يمكننا اكتساب نظرة ثاقبة حول كيف يمكن للتعداد أن يساهم في مستقبل أكثر عدالة وتسريع عملية التنمية في العراق من ناحية، ومن ناحية أخرى، إجراء مقارنة علمية بين التعداد الماضي والتعداد المتوقع.

1. چەمک و پێناسەکان

سەرژمێری دانیشتووان: پرۆسەیەکی سیستماتیکی و گشتگیرە، پرۆسەی کۆکردنەوە، هەڵسەنگاندن، شیکردنەوە و بڵاوکردنەوە یان بە شێوەیەکی تر بڵاوکردنەوەی زانیارییە دیمۆگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سنوریکی جوگرفیٔ دیاریکراوە، لە کاتێکی دیاریکراودا. ئامانجی بنەڕەتی سەرژمێری بریتییە لە پێدانی زانیاری لەسەر قەبارە، دابەشبوون، پێکهاتە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی دیکەی دانیشتووان. ئەم زانیاریانە بۆ پرۆسەکانی پلاندانان لە تێکڕای سێکتەرەکانی وڵات و کارنامەی گەشەپێدانی نیشتمانی و پێویستن.

بە شێوەیەکی گشتی زانیاری لەسەر تایبەتمەندییە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت وەک:

- کۆی ژمارەی دانیشتووان: کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێن کە ڕووپێوی دەکرێت.
- وردەکارییە دیمۆگرافییەکان: تەمەن، ڕەگەز، باری هاوسەرگیری، نەتەوە و نەژاد.
- پێکهاتەی ماڵ: زانیاری دەربارەی پێکهاتەی خێزان و ڕێکخستنی ژیان.
- زانیارییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان: دۆخی دامەزراندن، ئاستی خوێندن، و داهات.

1.1 بنەما سەرەکییەکانی سەرژمێری دانیشتوان.

نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بنەمای سەرەکی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان دەخاتە ڕوو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پرۆسەکە کاریگەرە، متمانەپێکراوە و سوودبەخشە بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان. لێرەدا بنەما سەرەکییەکان دەخەینەڕوو:

1. گشتگیری پرۆسەکە.

سەرژمێرییەکە دەبێت ئامانجی ژماردنی هەموو کەسێک بێت لە ناوچەی جوگرافیای دیاریکراودا، بەبێ گوێدانە پێگەیان (هاوڵاتی، نیشتەجێ، یان سەردانکەر). ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە داتاکان ڕەنگدانەوەی قەبارە و پێکهاتەی ڕاستەقینەی دانیشتووانن.

2. پەیوەست بوون بە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە.

سەرژمێرییەکە پێویستە لە یەک کاتدالە سەرانسەری وڵات یان ناوچەکەدا ئەنجام بدرێت بۆ گرتنی وێنەیەکی خێرا لە دانیشتووان لە ساتێکی دیاریکراودا، ئەمە وادەکات کەمترین هەڵە ڕووبدات کە بەهۆی کۆچکردن یان گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیدا دروست دەبێت.

3. نهێنی زانیارییەکان

پێویستە زانیارییەکانی سەرژمێری بە شێوەیەک کۆبکرێنەوە و پرۆسێس بکرێن کە نهێنی تاکەکەسی بپارێزێت. زانیارییە کەسییەکان دەبێ بە نهێنی بهێڵرێنەوە، و داتاکان تەنیا بە شێوەی کۆکراوە ڕاپۆرت بکرێن و بخرێنەڕوو.

4. وردبینی

سەرژمێری پێویستە هەوڵ بدات بۆ ئاستی بەرزی وردبینی و متمانەپێکردن لە کۆکردنەوە و پرۆسێسکردنی زانیارییەکان. ئەمەش بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیای وورد ە بەهێز، ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردنی کوالیتی و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی سەرژمێری لەخۆدەگرێت.

5. خستنەرووی ئەنجامی پرۆسەکە لە کاتی خۆیدا

ئەنجامی سەرژمێرییەکە پێویستە لە کاتی خۆیدا بخرێتە بەردەست بۆ ئەوەی ئاگاداری دارشتنی سیاسەت و پلاندانان و لێکۆڵینەوە بێت. ئەم بنەمایە جەخت لەسەر گرنگی پرۆسێسکردن و بڵاوکردنەوەی کارامەی داتاکان دەکاتەوە.

6. تێچووی پرۆسەکە

سەرژمێرییەکە پێویستە بە شێوەیەک دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت کە کارا و کاریگەر بێت لە ڕووی تێچوونەوە، دڵنیابێت لەوەی کە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی ژیرانە بەکاردەهێنرێن لە هەمان کاتدا بەدەستهێنانی ڕووماڵێکی گشتگیر و داتای کوالیتی بەرز.

7. بەشداریکردنی گشتی

پرۆسەی سەرژمێری پێویستە هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی و بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆبگرێت بۆ هاندانی بەشداریکردن و دروستکردنی متمانە لە پرۆسەکەدا.

8. بەردەوامیی

پلاندانانی سەرژمێری پێویستە بەردەوامیی درێژخایەنی شێواز و سیستەمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەبەرچاو بگرێت، کە ئاسانکاری بۆ سەرژمێرییەکانی داهاتوو و لێکۆڵینەوەی دیمۆگرافی بەردەوام دەکات.

## 2.1 چوار مەرج بۆ پرۆسەی سەرژمێرییەکی سەرکەوتوو

1- سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی.
2- ئامادەگی حکومەت لە ( کاروباری یاسایی و کارگێڕی و بودجەی پێویست و کاتی دەستپێک و کۆتایی).
3- ئامادەکردنی کادری پیشەیی و شارەزا لە بواری پلاندانان و ئەوانەی ڕاسەتەوخۆ پرۆسەکە جێبەجێ دەکەن.
4- ئامادەگی دانیشتوان لە پێشکەشکردنی زانیاری درووست.

3.1 جۆرەکانی داتای سەرژمێری

فەرمانگەی سەرژمێری ڕاوێژ بە دەزگاکانی حکومەت، کەرتی تایبەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە پیشەییەکان، بازرگانی و ئایینییەکان و خەڵک دەکات سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەگەری پرسیارنامەی سەرژمێری. بەڵام ئامانجەکەی ئەوەیە کە پرسیارنامەکە کورت بێت.

1. بەشە سەرەکییەکان

بابەتی سەرەکی پرسیارە فەرزکراوەکانە کە پێویستە لە سەرژمێریدا جێگیر بکرێن. کە بریتین لە: تەمەن؛ ڕەگەز؛ باری هاوسەرگیری؛ پەیوەندی بە سەرۆکی ماڵەوە؛ شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی؛ دۆخی پەروەردەیی؛ پیشە؛ ژمارەی لەدایکبوونی (ئەوانەی لە ژیاندان)؛ بەرواری دوایین لەدایکبوونی (ئەوانەی لەژیاندان)؛ منداڵان هێشتا لە ژیاندان؛ مردن لە ماڵەکەدا لە ١٢ مانگی ڕابردوودا؛ و دۆخی کەمئەندامی.

2. بەشە لاوەکییەکان.

دەتوانرێت بە ئارەزووی فەرمانگەی سەرژمێری و یان حکومەت ئەم بەشە بخرێتە نێو پرۆسەی سەرژمێرییەکەوە. کە بریتین لە: تەمەن لە یەکەم هاوسەرگیریدا؛ بەروار و ماوەی هاوسەرگیری یەکەم؛ وڵاتی لەدایکبوونی باوک/دایک؛ تەمەنی دایک لە یەکەم لەدایکبوونیدا؛ هەتیوبوونی دایکی یان باوکایەتی؛ کات لە دامەزراندنەکەی ئێستادا؛ و مەودای شوێنی کارکردن...هتر.

## 4.1 ئەنجامدانی سەرژمێری:

1. ئامادەکاری بۆ سەرژمێری

لە قۆناغی ئامادەکاریدا، فەرمانگەی سەرژمێری هەموو چالاکییە کارگێڕی و تەکنیکییەکان ئامادە دەکات لەوانە، ڕاهێنانی ستافی مەیدانی، دانانی بەڕێوەبردنی داتا و سیستەمی کۆنترۆڵکردنی کوالیتی گشتگیر. فەرمانگەکە دەبێت بەرنامەی پەیوەندیکردن و بانگەشەکردن پەرەپێبدات کە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری کولتوور و زمانی دانیشتووان بێت. دوو ئامرازی سەرەکی بریتین لە ماڵپەڕێک کە بەچەند زمانێک بەردەستبێت و هێڵی یارمەتی.

2. هەڵمەتی مەیدانی

قۆناغی کارەکانی مەیدانی چالاکییەکانی ئامادەکاری بۆ ژماردن، ژماردنی دروست و پرۆسەکانی پشتڕاستکردنەوەی مەیدانی لەخۆدەگرێت. ئەم چالاکیانە بریتین لە نوێکردنەوەی نەخشەسازی سەرژمێری، دەستنیشانکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، ئامادەکردنی لیستی نیشتەجێبوون و ماڵەکان، ژماردنی هەموو کەسەکان لە هەموو ماڵەکاندا، پشتڕاستکردنەوەی تەواو و دروستی ژماردنەکە، و ئەنجامدانی ڕاپرسییەک دوای ژماردن بۆ دیاریکردنی ئاستی ڕووماڵکردنی سەرژمێری.

## 5.1 بژاردەکانی ژماردنی دانیشتووان:

1- چاوپێکەوتنی کەسی ڕووبەڕوو، کە تێیدا کارمەندی سەرژمێری سەردانی هەر ماڵێک دەکات و پرسیارنامەکە پڕدەکاتەوە؛
2- پڕکردنەوەی پرسیارنامەکە (فۆرمی پرسیارەکانی تایبەت بە پرۆسەکە)، بە بەکارهێنانی ڕێکاری (پۆست-ئیمەیڵ)، کە تێیدا پرسیارنامەکە دەگەیەنرێتە هەر ماڵێک (ناونیشان) و نیشتەجێبووان خۆیان پرسیارنامەکە پڕدەکەنەوە.
3- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی کە تێیدا ماڵەکە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە وەڵامی پرسیارنامەی سەرژمێری دەداتەوە، یان لە ڕێگەی دەستپێشخەری خۆیەوە یان دوای پەیوەندیکردن لەلایەن فەرمانگەی سەرژمێرییەوە؛ یان چاوپێکەوتنی ئینتەرنێت کە تێیدا نیشتەجێبووانی ماڵەکە لەڕێگەی ئۆنلاین پرسیارنامەکە پڕدەکەنەوە.
4- پاکێجەکانی چاوپێکەوتنی کەسی بە یارمەتی کۆمپیوتەر (CAPI) دەتوانن ڕاستی وەڵامەکان لە کاتی چاوپێکەوتندا پشتڕاست بکەنەوە کە دەستبەجێ داتای کوالیتی بەرز بەرهەم دەهێنێت، کەمکردنەوە یان نەهێشتنی پێویستی بە بەڕێوەبردنی داتا درێژخایەن دوای کارەکانی مەیدانی. ئەم زانیاریانە

دەستبەجێ بەردەستن بۆ شیکاری، ئەمەش کاتەکانی پرۆسێسکردن و لەوانەیە کۆی تێچووی سەرژمێری کەمدەکاتەوە.

**6.1 ئامادەکردنی داتا و هەڵسەنگاندن :**

لە قۆناغی ئامادەکاری و هەڵسەنگاندن و خشتەی داتاکان، ستافی ڕاهێنراوی تایبەت بە دەستی داتا کۆکراوەکان و پرسیارنامەی پڕکراوە لە ناوەندەکانی داتادا پرۆسێس دەکەن؛ پاشان داتاکان دەگۆڕن بۆ فۆرماتێکی ئەلیکترۆنی، زۆربەیان بە بەکارهێنانی سکانکردنی ئەلیکترۆنی ئۆتۆماتیکی. دواتر هەموو داتاکان پشتڕاست دەکەنەوە، هەر فۆرماتێکی کۆکردنەوە بێت، بۆ تەواوبوون، دروستی و یەکدەنگی، بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆنترۆڵکردنی داتا.

CSPro (سیستەمی پرۆسێسی سەرژمێری و ڕاپرسی) لەلایەن سەدان ڕێکخراو و دەیان هەزار کەسەوە بەکاردەهێنرێت بۆ داخڵکردن، دەستکاریکردن، خشتەکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی سەرژمێری و ڕاپرسی.

MORTPAK پێوانەکردنی دیمۆگرافی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا، بە جەختکردنەوەیەکی تایبەت لەسەر پێوانی مردن.

PAS (سیستەمی شیکاری دانیشتوانی سەرژمێری) کۆمەڵێک کتێبی کاری مایکرۆسۆفت ئێکسڵە کە لەلایەن نووسینگەی سەرژمێری ئەمریکاوە پەرەی پێدراوە و ڕێکار و شێوازە زۆر بەکارهێنراوەکانی شیکاری دیمۆگرافیای بنەڕەتی تێدایە.

REDATAM (وەرگرتنەوەی DATA بۆ ناوچە بچووکەکان بە مایکرۆکۆمپیوتەر) سیستەمێکی کۆمپیوتەرییە ئاسانکاری دەکات بۆ پرۆسێسکردن، شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی وێبی زانیارییەکان لە سەرژمێری دانیشتووان، ڕاپرسی، تۆمارە کارگێڕییەکان، نیشاندەری ناوچەیی و هەر سەرچاوەیەکی تر.

ئەنجامەکان بە شێوەی خشتەی ئاستە جیاوازەکانی یەکە کارگێڕییەکان بەپێی تەوەری سەرژمێری و تەمەن و ڕەگەز خراوەتەڕوو. هەندێک جار ڕاپۆرتی جیاواز بەپێی بابەتەکانی سەرژمێری تایبەت دەردەکەون.

هەرەمەکانی دانیشتووان پێکهاتە بەپێی ڕەگەز و تەمەن نیشان دەدەن و کاریگەرییەکانی گۆڕانکاری لە توانای منداڵبوون، مردن و کۆچکردن بە تێپەڕبوونی کات نیشان دەدەن کاتێک چەندین سەرژمێری بەراورد دەکرێن.

ماڵپەڕی The WorldLifeExpectancy website گۆڕانی دینامیکی هەرەمەکانی دانیشتووان بە تێپەڕبوونی کات بۆ وڵاتانی جیهان نیشان دەدات

### 7.1 بڵاوكردنەوە:

لە قۆناغی بڵاوكردنەوەدا، فەرمانگەی سەرژمێری ئەنجام و بەرهەمی سەرژمێرییەكە بۆ حكومەت و كۆمەڵگا لەڕێگەی كۆمەڵێك ڕاپۆرت بڵاودەكاتەوە كە لای خوارەوە گرنگترینیان دەخەینەڕوو :

1. ڕاپۆرتی كۆتایی خشتەی وردی دانیشتووان و تایبەتمەندییەكانی كە دابەشكردنە كارگێڕییەكان لەخۆدەگرێت.
2. ڕاپۆرتی كارگێڕی باسێكی تەواو لە پرۆسەی سەرژمێری و ئالێنگارییەكان و چارەسەرەكانی دەخاتە ڕوو كەتیایدا كۆپی هەموو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەكانی تێدایە.
3. ئەتڵەسی سەرژمێری ئەنجامەكان بە شێوەیەكی گرافیكی بە تایبەتی وەک نەخشە دەخاتە ڕوو. ئەتڵەسەكان دەتوانن گۆڕانكاری لە تایبەتمەندییەكانی دانیشتووان بە تێپەڕبوونی كات نیشان بدەن.
4. نەخشەسازی سەرژمێری نوێكراوە وەک چوارچێوەی نیشتمانی لە وەرگرتنی نمونەی سەرەكی بۆ ڕاپرسییەكان و بۆ سەرژمێرییەكانی دیكەی وەک سەرژمێری كشتوكاڵی یان پیشەسازی...هتر
5. ئینفۆنتۆری نوێكراوە بریتییە لە (لیستی ناوچەكان، دانیشتوو یان نا، جۆرەكانی بینا، شوێنی نیشتەجێبوون و ماڵەكان كە زانیاری ناسنامەی جوگرافی...هتر
6. مێتاداتا بەڵگەنامەیەكی ورد و تەواو دەدات لەبارەی شێوازەكان، تەكنیكەكان، ڕێكارەكان، گۆڕاوەكان، پرسیارەكان، پۆلەكانی وەڵامدانەوە و ڕێنماییەكانی كۆدكردن كە لە سەرژمێریەكەدا بەكارهێنراون.

## 8.1 بۆچی سەرژمێری ئەنجام بدرێت؟

سەرژمێری دانیشتووان پرۆسەیەکی گشتگیری نیشتیمانییە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری ئامار دەربارەی دانیشتوانی وڵاتێک. ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری وردە لەسەر تایبەتمەندییە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دانیشتوانی سنوری جوگرافیایەکی دیاریکراو. بەگشتی هۆکاری ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان بریتین لە:

- دابینکردنی مادەی دەوڵەمەندی بڕبڕەیی سەبارەت بە گۆڕانی دیمۆگرافی- دیمۆگرافیاکان داتاکان بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی خشتەی ژیان کە لێیەوە چاوەڕوانی تەمەن، منداڵبوون و ڕێژەی مردنی گەورەساڵان دەخەمڵێنن.
- ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان و زانایان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتە تایبەتەکان بە زانیاری سەرەتایی سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوان.
- یارمەتی حکومەتەکان دەدات لە دیاریکردنی سنوور و نوێنەرایەتییەکانی هەڵبژاردن و تەرخانکردنی سەرچاوەکان.
- پێوانەکردنی ڕەوتی کۆچی نێودەوڵەتی (ئەگەر تۆمارکرابێت).
- دابینکردنی داتا بۆ کەرتەکان بۆ پلاندانان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بۆ نموونە بۆ تەرخانکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان.

سەبارەت بە عێراق ڕەنگە بۆچوونی جیاواز هەبێت لەسەر هۆکاری ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری، ئەمڕۆ دوای ساڵانێک لە گرژی سیاسی و ئەو زنجیرە قەیرانانەی لەوڵاتەکەدا هەبوون و هەندێکیشیان بەردەوامیان هەیە، عێراقێک لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاری دیمۆگرافی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بەهۆی ململانێکان و کۆچکردن و ئاوارەبوون و نیشتەجێکردنی زۆرەملە، هەموو ئەمانە وای لە بەشێک لە نەتەوەکانی عێراق (لەناویشیاندا کورد) کردووە بە گومانەوە بڕواننە پرۆسەکە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانین ئەوڕاستییە لەبیربکەین کە دوایین سەرژمێری گشتگیر لە ساڵی 1997 ئەنجامدراوە، لەگەڵ بونی تێبینی لەسەر خودی پرۆسەکە و بەشدارنەبوونی سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ، سەرەڕای هەمووئەمانە داڕێژەرانی سیاسەت و دامەزراوەکانی حکومەت پشتیان بە داتای بەسەرچوو یان خەملێنراو بەستووە.

## ئاڵینگارییەکانی بەردەم پرۆسەی سەرژمێری دانیشتووان

سەرژمێری دەتوانێت بارگرانییەک بێت لەسەر وڵاتانی کەم داهات و مامناوەند کە زۆرجار سەرچاوەی دارایی و ژێرخانی و مرۆییان نییە بۆ ئەنجامدانی. دەکرێت فشاری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی هەبێت بۆ دەستکاریکردنی ڕێکارەکانی سەرژمێری، یان بە گۆڕینی جۆری دانیشتووان، یان بەکارهێنانی ئامێری ئاڵۆز بەبێ ڕەچاوکردنی سەرچاوە مرۆییە ڕاهێنراوەکانی بەردەست.

زۆرجار کۆلێتی سەرژمێری دەچێتە ئاستێکی نزم، بەهۆی هەبوونی پرسیارنامەی زۆر درێژ کە دەتوانێت سەرچاوە سنووردارەکان زەق بکاتەوە و ماوەی ڕاهێنانی کارمەندانی پرۆسەی سەرژمێری درێژ بکاتەوە هەروەها پرسە ئەمنییە پێشبینینەکراوەکان و پێشهاتە ژینگەییەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی دروستی پرۆسەی سەرژمێری.

سەبارەت بە ئالێنگارییەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری لەعێراق:

پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق کە بڕیارە (20.نۆڤەمبەری.2024) ئەنجامبدرێت، یەکەم سەرژمێری فەرمی دەبێت لەدوای گۆڕانی سیستمی سیاسی لە 2003. ئەم سەرژمێرییە لە کاتێکدایە کە عێراق هێشتا ئاسەوارەکانی جەنگ ماون بەسەر زۆرێک لە دامەزراوەکانیدا و زنجیرەیەک قەیرانی چارەسەرنەکراو (تاڕادەیەک ناجێگیری دۆخی سیاسی و ئابووری، کێشەی ئاوارە بەتایبەت لەناوچە کێشەلەسەرەکان، گەندەڵی، ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان و بگرە تۆخبوونەوەی ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینییەکان...هتر) ڕەنگە جۆرێک لە بارگرانی بۆ پرۆسەکە درووستبکەن ، بەتایبەت لە پێدانی زانیاری درووست بەکارمەندی سەرژمێری. ئەگەر کێشە بۆ پرۆسەکەش درووست نەکەن ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر چۆنێتی کۆی پرۆسەکە .

## 2.1 پرۆسەکانی سەرژمێری دانیشتوان لە عێراق:

ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بە نزیکەی یەک ملیۆن و ٢٥ هەزار کەس مەزەندە کرا. لە ساڵی 1884دا گەشەی کرد و گەیشتە یەک ملیۆن و 400 هەزار کەس؛ لە ساڵی 1897دا 1.55 ملیۆن؛ و دواجار لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی 1913دا گەیشتە 2.371 ملیۆن.

کاتێک هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا عێراقیان داگیرکرد، لە ساڵی 1920 داسەرژمێرییەکی وردی دانیشتوانەکەیان ئەنجامدا، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی گەیشتە نزیکەی 2،849،282 ملیۆن کەس

لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1927 پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوان لە عێراق دەستی پێکرد و لە کۆتایی ساڵی 1927 کۆتایی هات، ئەنجامدانی پرۆسەکە لەلایەن کۆمەڵێک لیژنە بەڕێوەدەبرا لە مزگەوت و قوتابخانە و شوێنە حکومییەکان جێگیرکرابوون تەنها لە شار و شارۆچکەکان. بەڵام دوای چەندمانگێک لەبەڕێوەچوونی پرۆسەکە، حکومەت درکی بە شکستی هەڵمەتەکە کرد و پرۆسەکەی هەڵوەشاندەوە. سەرەڕای ئەمەش ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەپێی ئەم سەرژمێرییە 2،968،054 کەس خەمڵێندرا.

سەرژمێری ساڵی 1934 کە لە مانگی ئەیلوول دەستیپێکرد و لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ کۆتایی هات. دواتر لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ساڵی 1935 دووبارە کار لەسەری دەستیپێکردەوە بۆ تۆمارکردنی ئەوانەی لەدوای خۆیان ماونەتەوە بۆ یەکەمجار بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوانی عێراق گەیشتووەتە 3،213،174

سەرژمێری 1947 لە 19ی تشرینی یەکەم ئەنجام دراوە و بە یەکەم تۆمار دادەنرێت کە لەلایەن تیمەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویست سەردانی ماڵەکانیان کردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان نەیانتوانی خۆیان لەم سەرژمێرییەدا تۆمار بکەن. ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەپێی ئەم سەرژمێرییە گەیشتە 4،816،185 کەس.

سەرژمێری 1957، ئەم سەرژمێرییە لە تشرینی یەکەمی 1957 ئەنجام دراوە و بە وردترین و گشتگیرترین سەرژمێری دادەنرێت. بەپێی ئەم تۆمارە ژمارەی دانیشتوانی عێراق گەیشتووەتە 6،536،109 کەس.

بڕیار بوو سەرژمێری ساڵی 1967 ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی پێویستی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن (وەک حکومەتی عێراق لەو کاتەدا بانگەشەی بۆدەکرد)، وادەی سەرژمێری دوو ساڵ هێنرایە پێشەوە و لە 14/10/1965 ئەنجامدرا. ئەم سەرژمێرییە جیاوازە لە سەرژمێرییەکانی پێش خۆی، چونکە پرسیارنامەکە پرسیاری پەیوەست بە پیشە، نەتەوە و خزمەتکردنی سەربازی لەخۆگرتبوو. ژمارەی دانیشتووانی عێراق گەیشتە 8،261،527.

سەرژمێری 1977، ئەم سەرژمێرییە لە مانگی 1977/10 ئەنجامدراوە و یەکەم سەرژمێرییە کە لەلایەن مەکتەبی ناوەندی ئامار (الجهاز المركزي للاحصاء)ەوە لە وەزارەتی پلاندانان جێبەجێ کراوە، بەو پێیەی سەرجەم سەرژمێرییەکانی پێشوو لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی باری شارستانی (دائرة النفوس العامة)) ی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ کراون. سەرژمێرییەکە کە هەموو پارێزگارەکانی عێراقی لەخۆگرتبوو و بە هەمەچەشنی زۆری پرسیارەکان لە فۆڕمی ئاماری و زانیاری سەبارەت بە دۆخی ژیان و نیشتەجێبوون و

سەرچاوەکانی داهات جیاکراوەتەوە، ئەم سەرژمێرییە سەرچاوەیەکی ئاماری گرنگ بووە بۆ هەموو سێکتەرەکانی دەوڵەتی عێراق. بەپێی ئەم سەرژمێرییە، ژمارەی دانیشتووانی عێراق گەیشتووەتە 12،000،497 کەس.


سەرژمێری 1987 ، ئەم سەرژمێرییە لە مانگی 10 ئەنجامدراوە و هەموو پارێزگارەکانی عێراق گرتەوە جگە لە (ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئێران)، کە بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە نەتوانرا زانیاری کۆبکرێنەوە. ژمارەی دانیشتووانی عێراق گەیشتە 16،335،199 کەس.

سەرژمێری 1997، ئەم سەرژمێرییە لەلایەن مەکتەبی ناوەندی ئامار (الجهاز المركزي للاحصاء)ەوە لە وەزارەتی پلاندانان جێبەجێ کراوە لە مانگی 10 ئەنجامدراوە، کە تێیدا زانیاری ئاماری تەنها بۆ پانزە پارێزگا کۆکرایەوە (بەبێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، ژمارەی دانیشتوانی عێراق گەیشتە 22,046,244 کەس.

خشتەی (1) ژمارە و گەشەی دانیشتوانی عێراق بەپێی پرۆسەکانی سەرژمێری (1884 بۆ 1997)

| سەرژمێری | ژمارەی دانیشتوان | گەشەی دانیشتوان ٪ |
|---|---|---|
| **1884** | 1,400,000 | 0% |
| **1897** | 1,550,000 | 11% |
| **1913** | 2,371,000 | 53% |
| **1920** | 2,849,282 | 20% |
| **1927** | 2,968,054 | 4% |
| **1934** | 3,213,174 | 8% |
| **1947** | 4,816,185 | 50% |
| **1957** | 6,536,109 | 36% |
| **1967** | 8,261,527 | 26% |
| **1977** | 12,000,497 | 45% |
| **1987** | 16,335,199 | 36% |
| **1997** | 22,046,244 | 35% |

وێنەی1: ژمارەی دانیشتوان بەپێی سەرژمێرییەکانی عێراق



لەوێنەی ژمارە (1) ڕێژەی گەشەی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان ماوەی ئەو سەرژمێرییانەی لە عێراقدا ئەنجامدراون جیاوازی هەیە، سەرەڕای هەبوونی تێبینی لەهەندێک لە سەرژمێرییەکاندا، بەتایبەت ئەنجامدانی پرۆسەکە لە ساڵی 1997 کە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لەدەرەوی پرۆسەکە بوون. هەروەها تەواونەکردنی پرۆسەکە لە ساڵی 1927. ئەگەر سەرنج بدەین ڕێژەی گەشەی دانیشوان لە نێوان یەکەم سەرژمێری لە ساڵی 1884 و سەرژمێری 1897 بریتی بووە لە ( 11%) بووە. هەروەها گەشەی دانیشتوان لە نێوان سەرژمێری 1934 و سەرژمێری 1947 بریتی بووە لە (50٪) وەک لە خشتەی ژمارە (1) ئاماژەی پێدراوە.

## 2.2 دابەشبوونی دانیشتوانی عێراق

### 1.2.2. ژمارەی دانیشتوان بەپێی دابەشبوونیان بەسەر ڕەگەز

لە خشتەی ژمارە (2)دا، ژمارەی دانهیشتوانی عێراق ڕووندەکاتەوە بەپێی ڕەگەز ، بەجۆرێک ڕێژەی ڕەگەزی (نێر) لە (52٪) دانیشتوان پێکدەهێنێت و ڕەگەزی (مێ) لە (48٪)ی دانیشتوانە لە ساڵی 1977، بە تێکڕایی، دابەشبوونی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لە نێوان سالأنی 1977 بۆ 2011 (51٪) ڕەگەزی نێر و (49٪) ڕەگەزی مێ بووە.


خشتەی (2) ژمارەی دانیشتوان بەپێی دابەشبوونی ڕەگەز (1977 بۆ 2011) بە هەزاران (000)

| ڕێژەی مێ | ڕێژەی نێر | ژمارەی دانیشتوان | مێ | نێر | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| 48% | 52% | 12000 | 5817 | 6183 | 1977* |
| 48% | 52% | 12405 | 6016 | 6389 | 1978 |
| 48% | 52% | 12821 | 6218 | 6603 | 1979 |
| 49% | 51% | 13238 | 6423 | 6815 | 1980 |
| 49% | 51% | 13669 | 6634 | 7035 | 1981 |
| 49% | 51% | 14110 | 6850 | 7260 | 1982 |
| 49% | 51% | 14586 | 7082 | 7504 | 1983 |
| 49% | 51% | 15077 | 7321 | 7756 | 1984 |
| 49% | 51% | 15585 | 7570 | 8015 | 1985 |
| 49% | 51% | 16110 | 7827 | 8283 | 1986 |
| 49% | 51% | 16335 | 7939 | 8396 | 1987* |
| 49% | 51% | 16882 | 8207 | 8675 | 1988 |
| 49% | 51% | 17428 | 8475 | 8953 | 1989 |
| 49% | 51% | 17890 | 8700 | 9190 | 1990 |


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1991 | 9460 | 8959 | 18419 | 51% | 49% |
| 1992 | 9731 | 9218 | 18949 | 51% | 49% |
| 1993 | 10001 | 9477 | 19478 | 51% | 49% |
| 1994 | 10271 | 9736 | 20007 | 51% | 49% |
| 1995 | 10541 | 9995 | 20536 | 51% | 49% |
| 1996 | 10843 | 10281 | 21124 | 51% | 49% |
| *1997 | 10987 | 11059 | 22046 | 50% | 50% |
| 1998 | 11328 | 11374 | 22702 | 50% | 50% |
| 1999 | 11682 | 11700 | 23382 | 50% | 50% |
| 2000 | 12047 | 12039 | 24086 | 50% | 50% |
| 2001 | 12424 | 12389 | 24813 | 50% | 50% |
| 2002 | 12814 | 12751 | 25565 | 50% | 50% |
| 2003 | 13216 | 13124 | 26340 | 50% | 50% |
| 2004 | 13629 | 13510 | 27139 | 50% | 50% |
| 2005 | 14055 | 13908 | 27963 | 50% | 50% |
| 2006 | 14493 | 14317 | 28810 | 50% | 50% |
| 2007 | 14943 | 14739 | 29682 | 50% | 50% |
| 2008 | 16058 | 15837 | 31895 | 50% | 50% |
| 2009 | 15910 | 15754 | 31664 | 50% | 50% |
| 2010 | 16326 | 16155 | 32481 | 50% | 50% |
| 2011 | 16758 | 16572 | 33330 | 50% | 50% |

لەخشتەی ژمارە (2)دا، ژمارەی دانیشتوان تا ساڵی 1977 کە دواین سەرژمێری بووە لە عێراق لەسەر بنەمای ئەو سەرژمێرییانە ژمارەی دانیشتوان هەژمارکراوە، وەساڵەکانی 1998 تا 2011 خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتوان بووە لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان لەسەر بنەمای ساڵەکانی پێشوو.

وێنەی2: گەشەی دانیشتوانی عێراق بەپێی (1900-1997)



وێنەی3:دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی ڕەگەز (1997 بۆ 2011)



## 2.2.2 دابەشبوونی دانێشتوان بە پێی (شارنشین و گوندنشین)

وێنەی ژمارە (4) دابەشبوونی دانیشتوان ڕوونە دەکاتەوە لەساڵی 1997 بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی (شارنشین و گوندشین) لەسەر بنەمای سەرژمێری 1987 ، بەغدای پایتەخت (89٪)دانیشتوانەکەی نیشتەجێی شار و (11٪) کۆی دانیشتوانەکەی گوندنشین بوون، بەپێی هەمان سەرژمێری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان (77٪) ی دانیشتوانەکەی شارنشین بوون (23٪) ی گوندنشین بوون.

**خشتەی (3) دابەشبوونی دانێشتوان بە پێی (شارنشین و گوندنشین 1997) لەسەربنەمای سەرژمێری 1987**

| گوندنشین | شارنشین | پارێزگا | | گوندنشین | شارنشین | پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 20% | 80% | بەسرە | | 38% | 62% | نەینەوا |
| 25% | 75% | دهۆك | | 30% | 70% | کەرکوک |
| 23% | 77% | هەولێر | | 58% | 42% | دیالە |
| 29% | 71% | سلێمانی | | 47% | 53% | ئەنبار |
| | | | | 11% | 89% | بەغدا |
| | | | | 52% | 48% | بابل |
| | | | | 34% | 66% | کەربەلا |
| | | | | 47% | 53% | واسط |
| | | | | 55% | 45% | سەلاحەدین |
| | | | | 30% | 70% | نەجەف |
| | | | | 47% | 53% | قادسیە |
| | | | | 55% | 45% | موسەنا |
| | | | | 41% | 59% | زیقار |
| | | | | 34% | 66% | میسان |

وێنەی ژمارە (5) دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک و سێ پارێزگای هەرێم ڕووندەکاتەوە لە ساڵی 1997 بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ئەم دابەشبوونە لەسەر بنەمای سەرژمێری ساڵی 1987 پێوانەکراوە .




## 3.2.2 ژمارەی دانیشتوان بە پێی پارێزگاکان:

خشەی ژمارە (4) ژمارەی دانیشتوان ڕووندەکاتەوە بەپێی پارێزگاکان و ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی هەرپارێزگایەک لەکۆی ژمارەی دانیشتوان عێراق لە ساڵی 1997 کە بە (22،046،244)کەس خەمڵێنراوە، ئەم خەملاندنە لەسەر بنەمای سەرژمێری دانشتوان لە 1987 ئەنجامدراوە.

خشتەی (4) دابەشبوونی دانێشتوان بە پێی پارێزگا

| ڕێژە | ژمارەی دانیشتوان | پارێزگا | | ڕێژە | ژمارەی دانیشتوان | پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 7% | 1,556,445 | بەسرە | | 9% | 2,042,852 | نەینەوا |
| 2% | 402,970 | دهۆك | | 3% | 753,171 | کەرکوك |
| 5% | 1,095,992 | هەولێر | | 5% | 1,135,223 | دیالە |
| 6% | 1,362,739 | سلێمانی | | 5% | 1,023,736 | ئەنبار |
| | | | | 25% | 5,423,964 | بەغدا |
| | | | | 5% | 1,181,751 | بابل |
| | | | | 3% | 594,235 | کەربەلا |
| | | | | 4% | 783,614 | واسط |
| | | | | 4% | 904,432 | سەلاحەدین |
| | | | | 4% | 775,042 | نەجەف |
| | | | | 3% | 751,331 | قادسیە |
| | | | | 2% | 436,825 | موسەنا |
| | | | | 5% | 1,184,796 | زیقار |
| %100 | 22,046,244 | کـــۆ | | 3% | 637,126 | میسان |

وەک لەوێنەی (5)دا دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی بەغدا لە ساڵی1997 (5،423،964) کە (25٪) کۆی ژمارەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت، دواتر پارێزگای نەینەوا(9٪)، پارێزگای بەسرە(7٪)، چوارەم پارێزگا بەپێی دابەشبوونی ڕێژەکان پارێزگای سلێمانییە لە هەرێمی کوردستان کە دانیشتوانەکەی (1،362،739) بووە، کە دەکاتە (6٪) کۆی دانیشتوانی عێراق.




وێنەی5: دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی پارێزگا (ڕێژە لە کۆی ژمارەی دانیشتوان)

کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک (753،171)کەس بووە کە دەکاتە (3٪)ی کۆی دانیشتوانی عێراق، هەرچی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، پارێزگای سلێمانی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد (٪6)ی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت، پارێزگای هەولێر (5٪) و دهۆک (٪2)ی کۆی دانیشتوان بووە.

لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان؛

کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی 1997 بە (2،861،701) کەس خەمڵێنراوە، کە دەکاتە (13٪)ی کۆی دانیشتوانی عێراق.

وێنەی6:ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک و سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان



3. لەم بەشەدا تەکنیک و تولّە ئامارییەکان بەکارهێنراون بۆ پێشبینیکردنی ژمارە و دیاریکردنی ئاراستەکانی دانیشتووان لەبنەمای ئامارەکانی ڕابردوو وە دەرئەنجامەکانی پرۆسەی سەرژمێری لە داهاتوودا. ئێمە شێوازی پێشبینیکردن (forecasting )بەکاردەهێنین، لەوانەش مۆدێلی ڕەوتی ڕیزبەندی (Exponential Trend Model) . ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتە بریتییە لە پێشکەشکردنی شیکارییەکی ورد و پێشبینیکردنی سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە داهاتوودا و پێشبینی ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤.

1.3 ژمارەی دانیشتوانی عێراق لەژێر کاریگەرییەکانی ( کات و کلتور)

بۆ تێگەیشتن لە ئاراستەی ژمارەی دانیشتوانی عێراق دوو گۆڕاو (Variables)مان وەرگرتووە کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئارستەکانی زیادبوون یان کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، لەڕێی ( Exponential Trend Model)، وەک لە خشتەی ژمارە (5)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (5) ژمارەی دانیشتوان لەژێرکاریگرییەکانی (کات و کلتور)

| *Parameter* | *Estimate* | *Stnd. Error* | *t* | *P-value* |
|---|---|---|---|---|
| **Constant** | 2.6264 | 0.00566209 | 463.858 | 0.000000 |
| **Slope** | 0.0163423 | 0.000769327 | 21.2424 | 0.000000 |

بەهای جێگیر لەم مۆدێلەدا بریتییە لە (2.6264). لەبەرئەوەی داتاکەمان بە ملیۆنە ئەم بەهایە کۆنڤێرت دەکەین بۆ ئەوەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووان بەپێی کلتور دیاری بکەین. بەپێی ئەو ئەنجامەی بۆمان دەرچووە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەنزیکەیی دەکاتە ( 138،239) کەس لەهەر ملیۆن کەسێکدا.

هەروەها نرخی لاری (Slope) کە دەرخەری زیادبونی ژمارەی دانیشتووانە لەژێر کاریگەری کات، کاتێک کە نرخەکەی کۆنڤێرت دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی عێراق لەژێر کاریگەری کات، بەنزیکەیی دەکاتە (16،342) کەس بۆ هەر ملیۆن کەسێک.

### 2.3 پێشبینییەکانی ئاراستەی ژمارەی دانیشتوانی عێراق (forecasting)


لەخشتەی ژمارە (6) داتای مێژوویی لەسەر خەمڵاندنی دانیشتووان شانبەشانی بەها پێشبینیکراوەکان و بەهای پاشماوە لە ساڵی 1884 بۆ 1997 دەخاتە ڕوو. ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە هەر قۆناغێکدا و بەپێ ئەو سەرژمێرییە فەرمییانەی ئەنجامدراون بەراورد دەکرێت لەگەڵ ژمارە پێشبینیکراوەکانی مۆدێلەکە. لە ساڵی 1884 دا مۆدێلەکە ژمارەی دانیشتوانی ڕاستەقینەی بە 117 هەزار و 12 کەس کەم کردووە، واتە جیاوازی ئەنجامی ژمارەی دانیشتوانی پێشبینیکراوی مۆدێلەکە و ژمارەی دانیشتوانی ڕاستەقینە زیاترە لە 117

هەزار کەس . بە پێچەوانەوە لە ساڵی 1897 دا ژمارەی دانیشتووان پێشبینی مۆدێلەکە 61195 کەس بووە زیاتربووە لە ژمارەی دانیشتوان، پێشبینی مۆدێلەکە لەساڵی 1957 ژمارەی دانیشتوانی بە (6،843،360) کەس خەملاندووە، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوان بەپێێ سەرژمێری فەرمی 1957 بریتی بووە لە (6,536,110)کەس، واتە مۆدێلەکە بە جیازی(307,242–) کەس پێشبینی گەشەی دانیشتوانی عێراقی کردووە. جیاوازی ژمارەی دانیشتوان بەپێی پێشبینی مۆدێلەکە و ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەپێی کۆتا سەرژمێری بریتی بووە لە (195,100)کەس.

خشتەی (6) پێشبینی ئاراستەکانی گەشەی ژمارەی دانیشتوان (1884-1997)

| ***Period*** | ***Data*** | ***Forecast*** | ***Residual*** |
|---|---|---|---|
| 1884 | 1,400,000 | 1,282,990 | 117,012 |
| 1897 | 1,550,000 | 1,611,190 | -61,195 |
| 1913 | 2,371,000 | 2,030,840 | 340,160 |
| 1920 | 2,849,280 | 2,569,400 | 279,883 |
| 1927 | 2,968,050 | 3,263,180 | -295,131 |
| 1934 | 3,213,170 | 4,160,380 | -947,207 |
| 1947 | 4,816,190 | 5,325,160 | -508,980 |
| 1957 | 6,536,110 | 6,843,360 | -307,247 |
| 1967 | 8,261,530 | 8,830,180 | -568,652 |
| 1977 | 12,000,500 | 11,411,000 | 559,531 |
| 1987 | 16,335,200 | 14,886,000 | 1,449,210 |
| 1997 | 24,907,900 | 21,851,100 | 195,100 |

وێنەی (7) پێشبینییەکانی ئاراستەی ژمارەی دانیشتوانی عێراق (Population forecasting)



خشتەی (7) پێشبینی ئاراستەکانی گەشەی ژمارەی دانیشتوان (2027،2017،2007)

| ***Period*** | ***Forecast*** | ***Lower 95% Limit*** | ***Upper 95% Limit*** |
| --- | --- | --- | --- |
| **2007** | 25,526,500 | 17,631,200 | 37,262,000 |
| **2017** | 33,647,400 | 22,803,700 | 50,093,100 |
| **2027** | 48,960,820 | 29,570,600 | 67,778,100 |

خشتەی ژمارە (7) پێشبینییەکانی دانیشتووان بۆ ماوەی 20ساڵ دوای کۆتا سەرژمێری لە عێراق ڕووندەکاتەوە، لەگەڵ 95% نێوان متمانە بۆ ئاماژەدان بە مەودای نادڵنیایی لە پێشبینییەکاندا. لە ساڵی 2007دا، ژمارەی دانیشتووانی پێشبینیکراو نزیکەی ٢٥.٥ ملیۆن کەسە، کە سنووری خوارەوەی 17.6 ملیۆن کەسە و سنووری سەرەوەی 37.3 ملیۆن کەسە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نادڵنیایی بەرچاوە. مۆدێلەکە پێشبینی دەکات تا ساڵی 2017 ژمارەی دانیشتووان بۆ 33.6 ملیۆن کەس گەشە بکات، لەگەڵ فراوانبوونی نێوان متمانە لە 22.8 ملیۆنەوە بۆ 50.1 ملیۆن کەس، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی گۆڕانکاری لە خەملاندنەکەدا. مۆدێلەکە بۆ ساڵی 2027 پێشبینی بەرزبوونەوەی بەرچاو دەکات بۆ 44.5 ملیۆن کەس، سنووری خوارەوە و سەرەوە لە نێوان 29.6 ملیۆن بۆ 67.8 ملیۆن. فراوانبوونی نێوانەکانی متمانە بە تێپەڕبوونی کات ئاماژەیە بۆ زیادبوونی نادڵنیایی لەگەڵ درێژبوونەوەی ئاسۆی پێشبینیکردن بۆ گەشەی دانیشتوانی عێراق.

### 3.3 کەرکوک لەناو ژمارەکاندا

شارێکی گرنگە لە ڕووی مێژوویی و کولتوورییەوە، پێکهاتەیەکی بەرچاوی کورد، عەرەب، تورکمان و گروپە بچووکەکانی وەک ئاشووری و ئەرمەنی تێدایە، ئەم تێکەڵە نەتەوەییە و دینامیکی دیمۆگرافیای ئاڵۆز لەلایەک و گرنگی ستراتیژی و یەدەگی بەرچاوی سەرچاوەی سامانی سروشتیی لەلایەکی دیکە وایکردووە پرۆسەی سەرژمێری بە تایبەتی هەستیار بێت لەم پارێزگایە، سەرەڕای "نەبونی پرسیاری دیاریکردنی نەتەوە" لە فۆرمی پرسیارنامەی سەرژمێریدا، بەڵام هێشتا هەندێک لەنەتەوە جیاوازەکانی بەگومانەوە دەڕواننە ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری لە پارێزگاکەدا. کە ڕەنگە ئەم گومانانە کاریگەری نەرێنی لەسەر چۆنێتی (کواڵتی) پرۆسەکە هەبێت.

### 4.3 ئامارەکانی دانیشتوانی کەرکوک:

لەبەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە پرۆسەکانی سەرژمێری دانیشتوان کرد و ژمارەی دانیشتوانی عێراق لەناویشیاندا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بەپێی هەرماوەیە خرانەڕوو، لەم بەشەدا تیشکدەخەینە سەر ئامارەکانی ژمارەی دانیشتوان لە کەرکوک لە ڕابردووەوە پێشبینی توێژینەوەکە بۆ ژمارەی دانیشتوان لەڕێی توڵەبەکەرهێنراوەکانی زانستی ئامار لەم توێژینەوەیە کە (forecasting) و وەرگرتنی نمونەی سەرژمێرییەکانی ساڵانی 1957 و 1987 دەخەینەڕوو .

ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧ بریتیبووە لە (388،839)کەس، (6٪)ی دانیشتوانی عێراقی پێکهێناوە کە بریتی بووە لە (6,536,110)، سەرژمێری 1977 ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە زیادبووە بۆ (571,162)کەس. بەڵام لەگەڵ ئەم زیادبوونە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە لەکۆی دانیشتوانی عێراق دابەزیوە بۆ (5٪). وەک لە خشتەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو.

### 5.3 پێشبینییەکانی ئاراستەی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک (forecasting for Kirkuk Population)

لەسەر بنەمای خشتەی (7) بەپێی ئەنجامەکانی مۆدێلی پێشبینکراوی توێژینەوەکە، ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لەماوەی ساڵانی (2007،2017،2027) دەخەینەڕوو. بەپێ ئەو ئەنجامەی دەستمانکەوتووە دانیشتوانی عێراق ساڵانە (1,903,300) کەس زیاد دەکات ، سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە پارێزگای کەرکوک ساڵانە نزیکی (44,000)کەسە. ئەم شیکارییە لەسەر بنەمای سەرژمێری (1987) ە.

خشتەی (8) پێشبینی ئاراستەکانی گەشەی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک (بەپێی سەرژمێری)

| ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک لەکۆی دانیشتوانی عێراق | ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک | ژمارەی دانیشتوانی عێراق | سەرژمێری |
|---|---|---|---|
| 5.9% | 388,839 | 6,536,110 | 1957 |
| 5.9% | 491,486 | 8,261,530 | 1967* |
| 4.8% | 571,162 | 12,000,500 | 1977 |
| 4.6% | 753,171 | 16,335,200 | 1987 |
| 4.1% | 1,016,491 | 24,907,900 | 1997 |

*خەملاندنی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لەسەربنەمای سەرژمێری 1987

| Period | Forecast | Lower 95% Limit | Upper 95% Limit | گەشەی دانیشتوانی عێراق بۆ هەر ١٠ ساڵێک | گەشەی دانیشتوانی عێراق/ساڵانە | ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک | گەشەی دانیشتوانی کەرکوک بۆ هەر ١٠ ساڵێک | گەشەی دانیشتوانی کەرکوک/ساڵانە | | ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لە 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2,007 | 25,526,500 | 17,631,200 | 37,262,000 | - | 1,902,420 | 1,176,956 | - | | 87,715 | 2,165,396 |
| 2,017 | 33,647,400 | 22,803,700 | 50,093,100 | 8,120,900 | | 1,551,389 | 374,432 | 37,443 | | |
| 2,027 | 48,960,820 | 29,570,600 | 67,778,100 | 10,903,300 | | 2,054,110 | 502,721 | 50,272 | | |

| | |
|---|---|
| 16335200 | کۆی ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەپێی سەرژمێری 1987 |
| 753171 | کۆی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک بەپێی سەرژمێری 1987 |
| 4.6% | ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک لەکۆی دانیشتوانی عێراق لە 1987 |

وەک لەخشتەی ژمارە (9) دا دیارە ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لەسەر بنەمای سەرژمێری 1987 بەپێی ئەنجامی مۆدێلەکە بریتی بووە لە (1,176,956) کەس، ئەم ژمارەیە لەماوەی 10 ساڵدا، واتە لە 2017 بووەتە (1,551,389) وە بۆ ماوەی 10 ساڵی دواتر کە مۆدێلەکە پێشبینی کردووە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە 2027 دەبێتە (2,054,110). جێی ئاماژە دانیشتوانی کەرکوک (5٪)ی دانیشتوانی عێراقی پێکهێناوە لەنێوان (2007 بۆ 2017) و (2017 بۆ 2027). لەمەش دیارتر مۆدێلەکە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگاکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆ هەردوو ماوەکە بریتیبووە لە (٪24) واتە سالانە ڕێژەی گەشە (٪2.4)بووە.لە کۆتاییدا مۆدێلەکە لەسەربنەمای سەرژمێری 1987 پێشبینی دەکات ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک لە پرۆسەی سەرژمێری نۆڤەمبەری 2024 بگاتە (2,165,396).

بەشێک لەو گومانانەی کەلەلایەن هەندێک لە نەتەوەکانی پارێزگاکە درووست بووە، خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتوانە لەسەر بنەمای ئەو سەرژمێرییانەی لەڕابردوودا ئەنجامدراون. ئەم گومانە بەشێک لەڕاستی تیادایە، چونکە هەندێک لەو سەرژمێرییانە بەناتەوای کۆتایی پێهێنراوە و هەندێکیان لەژێرکاریگەری بیری نەتەوەیی جیاواز و بەشێکی دیکەیان لەدۆخی نائاسایی وڵات بەگشتی و کەرکوک بەتایبەتی ئەنجامدراون.

بۆیە بەپێویستی دەزانین ئامارەکانی خشتەی ژمارە(9) بخینەوە بەرلێکۆڵینەوەی ئامار بە بەکارهێنانی هەمان مۆدێل (forecasting) بەڵام خەمڵاندنی دانیشتوان دەکەین لەسەربنەمای سەرژمێری 1957، کە بە ووردترین پرۆسەی دادەنرێت لە کۆی هەموو پرۆسەکانی دیکەی سەرژمێری کە ئەنجام دراون لە عێراق.

لەخشتەی ژمارە (10) مۆدێلەکە پێشبینییەکانی مۆدێلەکە بۆ ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لەسەربنەمای سەرژمێری ١٩٥٧ ڕووندەکاتەوە. بەپێی ئەنجامەکان ژمارەی دانیشتوان لە 2007 دا بریتی بووە لە (1,518,594)، لەماوەی 10ساڵدا واتە لە 2017 ژمارەکە زیادیکردووە بۆ (2,001,714)، وەپێشبینی مۆدێلەکە بۆ ساڵی 2027 بریتی بووە لە (2,650,361). هەروەها گەشەی دانیشتوان ساڵانە (113,177) کەس بووە. کۆتا دەرئەنجامی مۆدێلەکە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بووە لە پرۆسەی سەرژمێری نۆڤەمبەری 2024، کە بریتی بووە لە (2,793,250). وە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگاکە بریتی بووە لە (٪2.4).

خشتەی (10) پێشبینی ئاراستەکانی گەشەی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک (٢٠٢٧،٢٠١٧،٢٠٠٧)

| Period | Forecast | Lower 95% Limit | Upper 95% Limit | گەشەی دانیشتوانی عێراق بۆ هەر ١٠ساڵێک | گەشەی دانیشتوانی عێراق/ساڵانە | ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک | گەشەی دانیشتوانی کەرکوک بۆ هەر ١٠ساڵێک | گەشەی دانیشتوانی کەرکوک/ساڵانە | | ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لە 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2007 | 25,526,500 | 17,631,200 | 37,262,000 | - | | 1,518,594 | - | | | |
| 2017 | 33,647,400 | 22,803,700 | 50,093,100 | 8,120,900 | 1,902,420 | 2,001,714 | 483,120 | 48,312 | 113,177 | 2,793,950 |
| 2027 | 48,960,820 | 29,570,600 | 67,778,100 | 10,903,300 | | 2,650,361 | 648,647 | 64,865 | | |

| | |
|---|---|
| 6536110 | کۆی ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەپێی سەرژمێری 1957 |
| 388839 | کۆی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک بەپێی سەرژمێری 1957 |
| 6% | ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک لەکۆی دانیشتوانی عێراق لە 1957 |

خشتەی (10) جیاوازی دەرئەنجامەکانی خەمڵاندن و پێشبینی مۆدێلەکە بەپێی (سەرژمێری دانیشتوان لە 1987 و سەرژمێری دانیشتوان لە 1957)

| ئامار و ئەنجامی مۆدێل | لەسەربنەمای سەرژمێری 1987 | لەسەربنەمای سەرژمێری 1957 |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی عێراق | 16,335,200 | 6,536,100 |
| ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک | 753,171 | 388,839 |
| ڕێژەی دەنیشتوانی کەرکوک لە کۆی دانیشتوانی عێراق | 0.046 ≈% 5 | % ≈ 0.0596 |
| گەشەی دانیشتوانی عێراق/ساڵانە ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٢٧ | 1,902,420 | 1,902,420 |
| گەشەی دانیشتوانی کەرکوک/ساڵانە ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٢٧ | 87,715 | 113,177 |
| ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە ٢٠٢٤ | 46,964,340 | 46,964,340 |
| ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لە ٢٠٢٤ | 2,165,396 | 2,793,950 |

## ئەنجام


